# وزە

وزە یەکێکە لە هەرە کۆڵەکەکانی دروست بوونی ژیان وە شارستانیەت لەسەر زەوی . هەربە هۆی وزەشەوە ئەم ( کەونە ) دروست بووە وە بەردەوامیشی هەر بە هۆی وزەوەیە . هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە مرۆڤ بیری لە بەرهەم هێنانی وزە کردۆتەوە بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی .

هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕۆژانە لە چواردەورمان دا ڕوودەدەن بەهۆی وزەوەیە بەهۆی وزەوە دەتوانرێ هێز بەرهەم بهێنرێ بەهۆی هێزیشەوە جووڵە دروست دەبێ وە جووڵەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەهەموو بوارەکانی ژیان دا وەك ( بیناسازی ، تەندروستی ، کشتوکاڵی ، تەکنیکی ، کۆمەڵایەتی )

ئەمڕۆ لەسەر گۆی زەوی تەنها ئەو دەوڵەتانی کە وزە بەرهەم دێنن وە دەسەڵاتیان هەیە بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا باڵا دەستن لە گۆڕینی بڕیاردا وە چەمکی بڕیارن .

وزە هێزێکی گەورەیە ئەمڕۆ بۆ دەست بەسەرا گرتنی وڵاتان و بازاڕەکان و ئابووری . وزە دەتوانرێ لەهەموو مادەیەك دەربهێنرێ یان بە کورتی و بە کوردی شێوەکەی دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکی تر وەك ئەو یاسایەی کە دایناوە ( E=mc2 ) دەرهێنانی وزە لە مادەیەکەوە بۆ مادەیەکی تر دەگۆڕێ بە پێی پێکهاتەی مادده کیمیاییەکەی . هەندێ مادده هەیە بەندە کیمیاییەکانی بە ئاسانی تێك دەشکێنرێ ئەمەش دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی وزە یان گەرمی .

هەموو سەرچاوەکانی وزە لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ( ڕۆژ ) وزە لە دوو شێوەی سەرەکی دا دەردەکەوێ ( شێوەی جوڵاو ، شێوەی مت بوو ) شێوەکانی تری وزە وەك وزەی کارەبا ، کیمیایی ، ئەتۆمی ، .... هەندێ جار یەکگرتوون وەك وزەی کرهۆمائی یان کهرۆمگناتیسی یان وزەی دینامیکی گەرمی . وەك باسکرا سەرچاوەکانی وزە لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژ بەهۆی تیشکی خۆرەوە دەگۆڕێن بە هۆی گۆڕانکاری کیمیایی وە پاشان گۆڕانی بۆ خۆراك و دار و گژوگیا ئەمانەش سەرچاوەی وزەن .

وزە پەیوەندی یەکی سەرەکی هەیە بە ئابووری وڵاتانەوە بەهۆی وزەوە دەتوانرێ پێشکەوتن ڕوو بدات لە بواری کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تر هەموو دەوڵەمەندیەکی ئابووری وە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای وڵاتانە پەیوەستە بە وزەوە سەرچاوەکانی وزە ئەگەر ئەمە دابین نەکرێ ئەستەمە پێشکەوتن ڕوو بدات لە وڵاتاندا .

**سەرچاوە سروشتی یەکانی ووزە :-**

**پۆلێن دەکرێن بۆ دووبەش { پیس ، پاك }**

**سەرچاوەی ووزەی سروشتی پاك :-**

**وەك ووزەی با ، ووزەی ئاژەڵ ، ووزەی ئاوی ، ووزەی گەرمی زەوی ، وزەی رۆژ ، ووزەی قەوارە .**

**سەرچاوەی ووزەی سروشتی پیس :-**

**وەك ووزەی نەوت ، ووزەی سوتەمەنی ( خەڵووزی بەردی ) ، ووزەی ئەتۆمی ، ووزەی کیمیایی .**

## گۆڕینی ووزە

**دەتوانرێ ووزە بگۆڕێ لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر وەك ووزەی کیمیایی لە پاتری دا ووزەی کیمیایی دەگۆڕێ بۆ ووزەی رووناکی هەندێ لە ووڵاتان سوود لە ئاوی قورس وەردەگرن ( ئاوی زێراب ) دوای ترشاندنی دەبێتە هۆی دروست بوونی غاز ئەویش دەتوانرێ ووزەی لێ وەربگیرێ هەروەها لە پاشەڕۆی ئاژەڵی یان کشتوکاڵی کە ئەوەش سەرچاوەیەکی تازەیە بۆ بەرهەم هێنانی ووزە وەك شەکر یان رۆنی رووەکی ژینگە پیس ناکەن چونکە پێویست بە ڕەساس ناکات تێی بکرێ وەك کە ئێستا دەکرێتە بەنزینەوە .**

## ووزەی با :-

**با یان ڕەشەبا ئەمرۆ بۆتە هۆی دروست کردنی ( بەرهەم هێنانی ) ووزەی کارەبا لە زۆر ووڵاتانی پێشکەوتوو بەکاردەهێنرێ بۆ جووڵانەوەی ئاشەکان وەك لەم وێنەیەدا هاتووە وە یان بۆ وەبەرهێنانی کارەبا . زۆر لە ووڵاتانی رۆژئاوا بەهۆی گرانی نرخی نەوتەوە پەنادەبەنە بەر ئەم جۆرە ووزەیە گەرچی نرخێکی زۆر گرانی تێ دەچێ لە دروست کردنی دا هەروەها چاککردنی ئەم پەوانانەش لەکاتی تێك چووندا زۆر ئاسان نیە یە کە بەرزایی یەکانیان نزیکەی سەد مەتر بەرزە هەر پەڕەیەکی پەروانەکان حەوت مەتر درێژە هەریەکە لەم پەروانانە دەتوانێ کارەبای نزیکەی پە نجا ماڵ بدات .**



## ووزەی ئاو :-

زۆر لە مێژەوە ئاو سەرچاوەیەکی  گرنگی بەرهەم هێنانی ووزە یان هێزبووە بۆ جووڵاندنەوەی ئامێرە میکانیکیەکان  بەرکارهاتوون بۆ هاڕینی دانەوێڵە ، ئاو توانراوە بەهۆی بەربەستە ئاویە گەورەکانەوە سوودی لێوەربگیرێ نەك تەنها بۆ کشتوکاڵ بەڵکو بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەباش وەك سەدی دووکان و دەربەندیخان ( بەنداو ) هەروەها  ئێستا زۆر شێوازی تر بەکاردەهنرێ بۆ سوود وەرگرتن لەم سەرچاوە ووزەیی یە وەك ڕووداوی مەد وە جەزر . (  هەڵکشان و داکشانی ئاو ) .

شەپۆلە دەرياييەکان بەکاردەهنێنرێن بۆ بەرهەم هێنانی ووزە وەك لەم ووێنەنیەدا دیارە لە کەناری دەریاکاندا لە شوێنی گونجاودا هەڵدەسترێت بە دروست کردنی ژووریکی سندوقی کۆنکرێتی کە لە کۆتایی ئەم ژوورانە کونی تیایە لەو کونانەوە هەوا بە هۆی پەڵە  پەستۆی شەپۆلی ئاوی دەریاکان لەو کونانەوە بە تیژی تێدەپەڕێ کە دەبێتە هۆی خولانەوەی تڕبینەکان .

شێوازێکی تری سوود وەرگرتن لە شەپۆلی دەریاکان ئەویش بە دروست کردنی شێوازێکی بۆری کە لەسەر شێوەی مار دروست کراوە وەك لەوێنەکەدا هاتووە لە ناو ئەم دەزگایەدا بەهۆی جووڵەی میکانیکیەوە کارەبا بەرهەم دەهێنرێ .




## ڕۆژ :

لە کۆتایی سەدەکانی بیست دا مرۆڤ بیری لەوە کردۆتەوە کە سوود لە تیشکی ڕۆژ وەربگرێت چەند ڕێگەیەکی جیاوازی گرتۆتە بەر بۆ هەڵمژینی ووزە لە تیشکی ڕۆژ .

لە ڕاستی دا ڕۆژ سەرچاوەیەی هەموو ئەو ووزانەیە کە لە سەر ڕووی زەوی یە کە وەك لە پێشەوە باسمان کرد ، چونکە هەموو ئەو جووڵە و گۆڕانکاریانەی لەسەر ڕووی زەوی بەهۆی گەرم کردنی ئاووهەواوە ڕوودەدات وەك دروست بوونی باو سووری ئاو لە دەریاوە بۆ هەوروباران وە گەرم کردنی دەریا و زەریاکان وە پێگەیشتنی خواردەمەنی و سەوزایی بۆ گیانلەبەرانی سەر زەوی .

یەکەم / بەرکاهێنانی خانەی سۆلار ئەم جۆرە ماددەیە کە بەهۆی مژینی تیشکی ڕۆژەوە دەتوانێ کارەبا بەرهەم بهێنرێ ئەم جۆرە لەوحانە تیشکی ڕۆژ دەمژن .

دوووەم / بەهۆی بەکارهێنانی پلێتی چەماوە بەشێوەی نیو بازنەیی ئەم جۆرە ماددەیە تیشکەکە ئاڕاستە دەکاتەوە وەك ئاوێنە تیشکەکە ئاڕاستە دەکاتەوە بۆ خاڵێکی دیاری کراو بەهۆی تێپەڕبوونی غاز بەناو بۆری دا لەڕێگەی ئەم تیشك دانەوەیە ئەم غازە لەناو بۆری یەکەدا گەرم دەبێت گەرماکە بەهۆی ئەم غازەوە دەگوێزرێتەوە کە ئەمەش یەکێکە لە گوێزانەوەی گەرمی وەك دەزانرێ گەرمی بە دوو ڕێگەی تریش دەگوێزرێتەوە بەهۆی مادەی ڕەقەوە یان بەهۆی تیشکەوە ( إشاع ) پاشان سوود لەو گەرمیە وەردەگیرێ بۆ هەڵمکردنی ئاو پاشان خولانەوەی تۆڕبینەکان وەك لەوێنەکەدا هاتووە.

ئەم جۆرە پرۆژەیە لە ئیسپانیا وە ك لە وێنە كە دا دیارە و توركیا و ئەمەریكا هەروەها ئەو وولاتانەی كە تیشكی خۆر تیایدا زۆرترە وەك لە بیابانەكان ئەم جۆرە بەرهەم هێنانە نرخی بەدەستهێنانی كەمە بۆ نموونە ئەگەر بەقەدەر پانتایی عێراق لە بیابانی گەورە بكرێ بەم پرۆژەیە ئەوە ئەتوانرێ كارەبا هەموو ئەوروپا بدرێت هەر لەبەر ئەوەش كۆمپانیا گەورەكانی وزەی ئەوروپا لە گفتوگۆدابوون كە پرۆژەیەكی لەم جۆرە دروست بكەن لە وولاتی ( مغرب ) بەلاَم نەبوونی ئاسایش لەناوچەكە سەركەوتوو نەبوون .



## سەرچاوەی ووزەی سروشتی پیس :-

**ماددەی كیمیایی یەكان :-** وەك دەزانرێ چەند ماددەیەكی كیمیایی هەیە بۆ بەدەستهێنانی ووزە لە شێوەی كارەبادا وەك پاتری .

**خەڵووزی بەردین :-**

پێش دۆزینەوەی نەوت جووڵەی ڕەورەوەكانی ئەوروپا لە ڕۆژئاوا بە هۆی خەڵووزی بەردینەوە بوو لە دوای شۆڕشی پیشەسازی وە یان لە ناو شۆڕشی پیشەسازی دا كە لە فەرەنساوە سەری هەڵدا خەڵووزی بەردین ڕۆڵی سەرەكی هەبوو لەم شۆڕشەدا بۆ جووڵەی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەرو مەكینەكان ( ئەڵمانیا ) یەكێك بوو لە گەورەترین وەبەرهێنەرانی خەڵووزی بەردین تا ئێستاش لەزۆر ویستگەی وەبەرهێنانی كارەبادا بەكاردەهێنرێ بەلاَم بەهۆی زۆری ڕێژەی پیس كردنی ژینگەوە پاش دۆزینەوەی نەوت لە بازارەكان دا پاشەكشێی كرد .



دە رهێنانیخەڵووزی بەردین

## نەوت و غاز :-

ئەمڕۆ نەوت و غاز بە پلەی یەکەم هەژماردەکریٚ بۆ وەبەرهێنانی ووزە ئەم سەرچاوە ووزە سروشتی یە لە ژێر ڕووی زەوی دایە بەنرخێکی کەم دەتوانریٚ لەو شوێنانەی کە کانی نەوت و غازی لیٚ یە بەرهەم دەهێنریٚ بەهۆی ئەوەی کە ئەم مادەیە زۆر بەنرخە لە چەند وولاتێکدا دەردەهێنریٚ کە ژمارەیان کەمە بۆیە لەسەرەتای دۆزینەوەی ئەم ئاڵتونە ڕەشە وولاتە داگیرکەرەکان وە زلٚ هێزەکان تا ئەمڕۆش ململانیٚ ی ئەوەیانە کە دەست بەسەر ئەم سەرچاوەیەدا بگرن .

 

ئەم ماددەیە ئەمڕۆ وەك كارتێكی سیاسی بەكاردەهێنرێ بۆ دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتە .
گۆڕینی نەخشەی سیاسی گۆی زەوی لەچەند سەدەیەكی ڕابردوودا بە هۆی ئەم مادده بەنرخەوە گۆراون وە دەگۆڕێت ئەو نەخشەی ولاَتـانەی ئێستا كە سەرزەوی جیا كراوەتەوە دەگەرێتەوە بۆ سەرچاوە ووزەییەكانە .
لەڕاستی دا وەك دەركەوتوە كۆمپانیا گەورەكانی جیهان كە لەسێ بۆ چوار كۆمپانیا پێك هاتوون كە بریتین لە ( oil standart ) ی وولاَتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا ( British ptrol ) بەریتانی وە ( Total ) ی فەرەنسی وە شەریكەی غازی ڕووسی ئەم كۆمپانیا گەورانە نەخشەیەكی تری جیهانیان كێشاوە كە شاراوەیە لەسەر ئەم نەخشە نهێنی یە سیاسەتی وولاَتان دادەرێژێت وە سنوری هێزی خۆیانیان تیا دابەش كردووە بە پێ ی سەرچاوە نەوتی و غازی یەكان وەهیچ لایەك بۆی نیە سنوری ئەوی تر ببەزێنێ ئەم نەخشەیەش بە چەند سالێك دەگۆرێ بە پێ ی بەرژەوەندی خۆیان لە زۆربەی ئەو وولاَتانەی كە نەوتی تیایە لە خۆرهەلاَتی ناوەڕاست گەرچی فرۆشتنی ئەم ماددەیە بەدەست خۆیانە داهاتی ناگەرێتەوە بۆ وولاَتەكاندا هەروەها دیاری كردنی نرخی ئەم مادیە هەر ئەم چەند شەریكەیە دیاری دەكەن لە جیهاندا . داگیركردنی عێراق لە سالَی ( 2003 ) لە لایەن بریتانیاو ئەمریكاوە یە كێكە لە ململانێ سەرەكیەكانی ئەم كۆمپانیا گەورانە بڕو نەخی فرۆشتن ئەمرۆ لە عێراق تەنها لە لایەن ئەم دوو وولاَتەوەیە وە هیچ دەسەلاَتێكی تری سیاسی لە خۆدی وولاَتەكە خۆی بۆی نیە پرسیار لەم باسە بكات .
ڕۆیشتنی نەوتی هەرێم و عێراق بەگشتی بە ڕەزامەندی ئەم كۆمپانیانەیە گەرچی كوردستانی توركیا خاوەنی نەوتێكی زۆرە بەلاَم دوای تێكشكاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەكەم ( 1916 ) بۆ نیە بۆ ماوەی ( 100 ) ساڵ دەستكاری ئەم بیرە نەوتانە بكا ئەمڕۆ سەد ساڵ تێپەری بەسەر ئەو بڕیارەدا بۆیە حكومەتی توركی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ سەركردەی شۆرشی كوردەكانە دەست پێ كرد بۆ ئەوەی لە داهاتودا زەمینەیەكی گونجاو هەبێ بۆ دەرهێنانی نەوتی كوردستانی باكوور

## وزەی ئەتۆمی :-

مادەی یۆرانیۆم بە دەرەجەی یەك بەکاردەهێنرێ بۆ بەهەم هێنانی ووزەی کارەبا ئەویش بەهۆی تێك شکاندی ناوکە ئەتۆمیەکانە لە ئەنجامدا گەرمیەکی زۆر بەهەم دەهێنرێ ئەویش بەکاردەهێنرێ بۆ گەرم کردنی ئاو وە خولانەوەی تۆڕمینەکان .

ئەم جۆرە وەبەرهەم هێنانی ووزەیە پێویستی بە تەکنەلۆجیایەکی زۆر پێشکەتوو هەیە کە بتوانێ بیباتە بڕێوە لە دروست کردنی و کۆنترۆڵ کردنی خراپی ئەم جۆرە ئەوەیە کە هەموو ئەو مادانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ وەبەرهێنانی ووزە بەهەزاران سال دەمێنێتەوە وە زەرەرمەند دەبن وەك و پاشماوەی ئەتۆمیەکان و ئاوو کەل و پەلەکانی تری , وەك چۆن لە ساڵی ( 2009 ) لە ئۆکرانیا لە ساڵی ( 1982 ) وە ( فۆکۆشیما ) لە یابان لە ساڵی ( 2009 ) ئەو ناوچانەی کە ئەم تەقینەوانەی تیابوو بۆ هەزاران ساڵی تر ناتوانرێ نیشتەجێ بوونی تیا بکرێ ..



کارگە ی وزەی ئەتۆمی

## ووزەی موگناتیسی :-

یان ووزەی یەگرتنی ئەتۆمی کە ئەمەش بە پێچەوانەی ووزەی ئەتۆمییەوەیە ئەم پرۆسێسە تاکو ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی ( 1975 ) زانایەکی ڕووسی ئەم داهێنانەی هێناوەتە ئاراوە ئەو گۆڕانکاریە کە یەگرتنی ئەتۆمە لە دەزگایەوە ڕوودەدات هەمان ڕوودان لە سەر ڕۆژ ڕوودەدا بۆ یە دەبێتە هۆی وەبەرهێنانی پلەیەکی زۆر کە دەگاتە ( 3000 ) پلەی سەدی لە ناو ئامێرەکەدا پڕۆژەیەکی گەورە هەیە بە



**ئامێری دروست کردنی ووزەی موگناتیسی**

**ناوی (ئیتا) لە وولاتی فەرەنسا جێبەجێ دەکرێ کە نزیکەی شەش ساڵ لەمەوپێش دەست پێ کراوە بە هەماهەنگی چەند وولاتێکی پێشکەوتوو وەك ( یابان , بریتانیا , ئەڵمانیا , فەرەنسا , بەلجیکا ) مەوادە خامەکانی کە بەکاردەهێنرێ بۆ وەبەرهێنانی ووزە لەم ئامێرەدا ( بەدوئاو ) ( لە هیلیۆم وە ئۆکسجین ) وێنەی ژمارە یەك , ئگەر بێتو سەرکەوتوو بێ ئەم پرۆژەیە بەیەك کیلۆ بەرد و لیترێ ئاو بەامبەر یەك بەرمیل نەوت .**

**وولاتی ئەڵملنیا بە تنها پرۆژەیەکی هەیە بۆ وەبەرهێنانی کارەبا بەم شێوەیە کە دەبوایە** (2012) **بکەوتایەتە کار بەڵام دواخرا بۆ** (2018) **بەناوی (شتاین ڤیك)**




**وێنەی** .1.

## کێشەی ووزە لە هەرێم دا ئێستا و لە ڕابردوودا لە عێراق :-

**گرفتی ووزەی کارەبا لە مێژەوە لە عێراق هەیە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوە :-**

**یەکەم / بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ جۆری مرۆڤ خۆی چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەم سەرچاوە بەنرخە لەو وولاتانەی کە کێشەی ووزەی کارەبا نیە کارەبا بەرهەم دەهێنرێ بە بڕێکی زۆر بەڵام نرخەکەی زۆر گرانە بۆ ئەوەی هاولاتیانە ووزەکەم بەکاربهێنێت وەك وولاتی ئەڵمانیا کە تەنها ووزەی بەکارهاتوو لەم وولاتەدا بە قەدەر ووزەی بەکارهاتووە لە کیشوەری ئەفەریقا گەرچی ووزەیان لێ زیایە بەڵام بە هاولاتیانی خۆیان بە**

نرخێکی گران دەیفرۆشن  لەبەرئەوەی کەم بەکاربهێنرێ پێویستە تاکەکانی کۆمەڵ لەو  ئاراستەدابن کە دەست بگرن بە بەکارهێنانی ووزەی کارەباوە ئەمەش لە کۆمەڵگای ئێمە دا بە هیچ شێوەیەك پەیرەو ناکرێ .
دووەم / نرخی کارەبا بەبەراورد لە گەڵ وولآتاندا زۆر هەرزانە وە بەشێوەیەکی رێك و پێك دابەش ناکرێ وە نەبوونی سەعاتی گونجاو لە ماڵ و شوێنە بەکارهاتووەکاندا هەروەها بە هۆی کۆنی مادە گەیانرەکان ووزەیەکی زۆر بە فیرۆ دەچێ .
سێهەم / نەبوونی نەخشەیەکی گونجاو بۆ دروست کردنی خانوو کۆشك و تەلارەکان کە ووزەیەکی کارەبا کەم رەکار بهێنرێ بۆ گەرم کردن و ساردکرنەوەی لە وەرزەکانی زستان و هاوین دا هەروەها ئەو مادانەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ دروست کردنی خانوو تەلارەکان ناگونجێ بۆئەوەی خانووەکان بپارێزێ لە گەرماو سەرما بە پێچەوانەوە لە زستاندا زۆر سارد دەبێ و لە هاویندا زۆر گەرم دەبێ ئەویش وەك ( چیمەنتۆ ) ئەگەر بگەرینەوە بۆ خانوەکانی کۆن لە گەڵ دروست کراون بە  پێچەوانەی چیمەنتۆوە پێویستی بە وزەیەکی زۆر کەم هەیە بۆ گەرم کردن وسارد کردن .
بوونی ژووری گەورا و فراوان بە دانانی مۆبیلی زۆر گەورە تیایدا وای کردووە کە بەووزەیەکی کارەبای زۆر گەرم و سارد بکرێتەوە ئەمەش ئاستی بەکارهێنانی ووزە بەرزدەکاتەوە ئەگەر بەراورد بکەین لە بینی نەخشەی خانووی ولوآتانی ئوروپا جیاوازیەکی ئەوتۆ وەبینرێ کە لەرووی دووسەد مەتردا لە ئەوروپا تەنها هەفتا مەتری دەکرێ بە بینا ئەوی تری دەکرێ بە باخ رووی دەرەوەی خانووەکانیان بەبەردی مەرمەڕ و حەلان نەکراون بەرێکی کەمی کەرەستەی خانوو دروست کردن وەك لم و چیمەنتۆ گەچ و شیش .....
تەواو دەبێت کە ئەوەش لە باری ئابووری یەوە سوودمەندە وە لە باری ووزەشەوە ئابووری یە بە  پێچەوانەی دروست کردنی خانووی ولاتانی ئێمە دا .
بۆ چارەسەر کردنی ووزە پێویستە ئەمانە بکرێ :-
یەکەم / بەرزکردنەوەی نرخی ووزە بۆ ئاستێکی کەوا لە هاوڵآتیان بکات دەستی پێوە بکرن .
دووەم / بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تاك بۆ چۆنیەتی بەکاهێنانی ووزە .
سێهەم / دروست کردنی خانوو کۆشك و تەلارەکان لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەك کە ئاستی ووزەی بەکارهاتوو کەم بکاتەوە .
چوارەم  /  دانانی ئامێری خوێندنەوەی کارەبای زیرەك بۆ هەموو شوێنەکان بۆ خوێندنەوەی ووزەی بەکارهاتوو بە شێوەیەکی راست .
پێویستە تەلار سازی بیر لەوە بکەنەوە کە کەلوپەلی گونجاو بەکار بهێنێت بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ووزەی بەکارهاتوو وە هەروەها گۆرنی نەخشەی خانووەکانیش ئەو ووزەیەی کە ئەمرۆ بەهەم دەهێنرێ لە کوردستان زیاتر لەو ووزەیەی کە پێش ( 2003 ) لە عێراق بەرهەم دەهێنراوە هەرگرفتی کارەبا بەردەوامە
ئەگەر بێتو ئەم خلانەی ئاماژەمان پێ دا چارەسەر نەکرێ ئەوا کێشەی کارەبا هەر بەردەوام دەبێ ..